(گەردەلول) لەرووی ناسنامەی نەتەوایەتی کە زمانە، لەژێر پلەی هیچ دابوو!

ئەندازیار کەمال غەریب

زمان لەهونەردا ناسنامەی سیاسی ئەو کۆمەڵگایەیە وە بەکۆڵەکەی ئەرکانەکانی پیرۆزی بوونی نەتەوە، حسابی بۆ ئەکرێت، بەڵام لەم زنجیرەیەدا یاساکانی دەستوری ئێراق فەرمانی مردنی داوە بەسەر زیندووی زمانی باب‌و باپیرانمان، هەر بۆیە زمانی کوردی ببوە بەپاشگری زمانی عارەبی (لێرەدا بوونی خاوەن دراما کەئەویش بەحساب نەتەوەی کوردە، ناتوانێت ئۆتۆنۆمی خۆشی بسەپێنێت بەسەر درامایەکدا، ئەی چۆن ئەم زمانە بتوانێت لەکێشە چارەنووسازەکاندا بوونی سیاسی خۆی بسەپێنێت..!!

لەئەریتی هونەردا یان سینەمادا کەبینین‌و بیستن دوو هۆی سەرەکی کۆمۆنیکاتسیۆنن (دەمەتەقێ کردنن)، ئەبێت زۆر وریایانە بەرچاو بگیرێن، دەوڵەتێك یان دەسەڵاتێك مەزن بێت یان بچوك ئەتیوانێت، خۆی ئامادە بکات تا لەپشت درامایەکەوە بوەستێنت، کەواتە ئەو هونەرەی جاڕی بۆ ئەدرێت ئەبێت بەگاڵتەجاڕی بۆ ئەو دەسەڵاتەو دوایی بۆ خەڵکەکەی..!! لێرەدا ئەم زنجیرەیە هیچ پلەو پایەیەکی سیاسی بۆ بوونی زمان دانەناوە بۆیە زۆر بێباکانە زمانی عارەبی لەپاڵ زمانی کوردیدا دوو زمانی دراماکەن، وەك لەیاسای دەستوری ئێراقیدا هاتووە (کە کاتسازکردنی ئەم درامایەش، لەگەڵ کاتسازی دەستوردا نەگونجایە) بەڵام دراماچییەکان زۆر بەپەرۆشەوە قبوڵی زمانی عارەبیان کردووە پێش ساغ بوونەوەی دەستوورەکە، بەڵام لام دوور نییە گەر جارێکی تر قورعان بەزمانی کوردی بێتە خوارێ، هیچ عارەبێك ئامادەبێت بەیەك وشەش زمانی کوردی بەکاربهێنێت (هەر چەند لەدەستوردا دوو زمانی سەرەکین).

(بۆیە گەر هێندە خوازیار بوون زمانی پیاوەکانی بەعس بەکاربهێنن، ئەبوایە هەر هیچ نەبێت بەوەرگێران بۆ زمانی کوردی لەژێرەوە قسە دڕکاوییەکانیان پیشان بدرێت، چونکە ٧٥٪ خەڵکی کورد گەر زیاتر نەبێت ئاموێ بەم زمانە یان لێی بێبەرین) کەواتە بینەر چۆن بڕۆنە ناو تێگەیشتنی ئەم درامایە، بەڵام باشتر وابوو پێش پیشاندانی ئەم درامایە خەڵکی کورد ئاگادار بکرایەوە، تاکۆرسێکی یان دوو کۆرسی زمانی عارەبی وەربگرن، تا بە تێگەیشتنەوە بڕۆنە ناو ئەم دراما سی رۆژییەوە.

هەروەك چۆن کاکی پارێزەر (کاك شێرکۆ) پەنا ئەبات بۆ پارچە مۆسیقای زەیلهەوای عەلدولحەلیم حافز، بۆ رێلاکس (پشوودان)ی خۆی، (لێرەدا خاوەنبوونی کورد بەگۆرانی یان مۆسیقایە لام گرنگ نییە)، بەڵام لێرەدا شتنەوەی مێشك‌و دەروونی لاوانی ئامۆ بەکلتورو زمانی عارەبی، خۆی ساغ ئەکاتەوە بۆ بە عارەبکردنێکی تر، هەروەك چۆن لەزنجیرەی خەوی چۆلەکەکان، قەشەنگ خان پۆستەری کازم ساهیری ئێراقی بە ژوورەکەیدا شۆڕدەکاتەوە، ئەواش لەم زنجیرەیەدا هیچ بوونێکیان بۆ سیمای نەتەوەییەکی ستەمدیدەی وەك کورد دانەناوە. کەڵە بەعسییەکی وەك ئا کازم، دوای ئەوەی کۆنسێرتی بۆ ساز ئەکرێت، کەیەکێکە لەهەرە داخ لەدڵەکانی دژ بەکورد (هەر وەك سەلیم مەتەرو عەبدولباری ئەتوان)، دەسەڵات لەسلێمانی‌و هەولێر هەر ئەوەندەی ماوە پەیکەریان بۆ دابتاشن لەبەردەکی سەرای سلێمانیدا (وەك هێمای برایەتی کوردو عارەب). بەڵام ئەمجارەیان بەدرامایەکی بەناو کوردی (ئەو زمانە خەرەکە شکاوەی کەبەناو ئەکتەرەکان پێی ئەدوێن، ئەوە هەر زۆر سەیرو سەممەرەیە). ئەم درامایە لەرووی ناسنامەی نەتەوایەتییەوە کەئەویش زمانە، هاتۆتە ژێر پلەی هیچەوە، هەر بۆیە ئیستگەیەکی تردا بەهۆی لەدەستدانی زمانەوە، کلتورێکی نارەسەن‌و ئامۆ خۆی ئەکات بەناو ماڵەکانماندا، ئەویش دزداشە سەدامییەکەی جەنابی عەریف حەمە تاڵە، گەر ئەو ئیستگەیە بەشرواڵە خامە کوردییەکەوە بوایە، پێم وابوو، سیمای دراماکەی شیرینتر دەبوو چونکە حەمە وەك خۆی تاڵە بەڵام بەکوردی دەدوێت. من گەواهی ئەدەم لەسەر ئەم کلتورە ئارەسەنە (نا کوردییە)، واتە دزداشە..! وە هیچ تاوان ناکەم گەر بڵێم، تەنها پیاوەکانی رژێم‌و بەعارەبووەکان‌و جەلکاو خۆرەکانی‌و شۆڕاوەکان بەناوی عارەبی بوون بەخاوەنی‌و هەڵگری ئەم ئەریتە نامۆیە، ئەوەی ئەمڕۆ بینەری کورد گرنگە بەگۆڕکردنی ئەم کلتورە هێنراوو فەرزکراوەیە نەك زیندووکردنەوەی لەبەردەم ئەو نەوە تازەییەی ئەمڕۆ کەدوای راپەڕین هاتوونەتە ژیانەوە.. گەر ئەم سیماو دیکۆرانە بۆ هونەری نواندنیش بێت، دەبێت قبوڵ نەکردرێن بەنواندن‌و لاسایکردنەوەش، بڕۆن دراماکانی گەلانی رزگاربوو ببینن لەسەر کردارو رەفتاری فاشییەکان‌و داگیرکەرەکانیان بەرامبەریان، بزانن کامیان وەك کورد، هێندە سووك‌و ئاسان خۆیان بەدەست کۆلۆنیستەکانیانەوە داوەو رازی بوون بەشکاندنی شانوشەوکەتی نەتەوەکەیان..!!

فاکتۆری کات، لەدراماکدا، ئەبێت زۆر ورد لێکدانەوەی بۆ بکرێت (بینەر ئەبێت تێر بکرێت بەچەند کاتێك لەوە درامایە کەلەزەتی لێببینێت)، وادیارە پێوانەی شەوەکانی مانگی رەمەزان بیوە بەفاڵی سەرەتاو کۆتایی ئەم درامایە، بەڵام سەرەتاکەی بە مۆسیقاو گۆرانی دەستپێدەکات بۆ ماوەی پێنج خولەك گەر زیاتر نەبێت، بەهەمان شێوە لە کۆتاییەکەیدا، بەڵام لەنێوان سەرەتاو کۆتاییدا ماوەی نزیکەی سی خولەك دەمێنێتەوە بۆ بینین، کە ئەمیش بینەر تێر ناکات، تا لەزەتی لێ ببینێت..!!

کاتسازیکردنی ئەم دراما تەلەفزیۆنییە لەگەڵ باروزروفی ئەمڕۆی کوردستان و ئەم قۆناغەی ئەمڕۆ کێشەی نەتەوەکەمانی پێدا تێپەر دەبێت، دەبوایە زۆر هۆشیارانە لێکدانەوەی بۆ بکرایە، بەڵام هیچ لەوە ناچێت، کەس بەخەویش بیری لێکردبێتەوە.

لە(کوردستان نێت) وەرگیراوە.

یەکێك لە بەشداربووانی (گەردەلوول)

شومی فیلمەکەی شۆڕش قادرو سووکایەتی بەهونەری کوردی..!

شادان غەریب

لەماوەیەکی کورتدا دوو جار ئەم فیلمە لەکەناڵە ئاسمانییەکان پەخش کرا.! ئەمە مانای فیلمەکە یان زۆر سەرکەوتووە یان شتێکی تری لەدواوەیە، دوای پەخشی دووەم هەندێ زانیاریم دەستکەوت، یەقینی کردم پەخشکردنەکە پەیوەندی بەسەرکەوتنەوە نەبووە، بەر لەوەی بچمە سەر چیرۆکی بیستراوی فیلمەکە، ئاماژە بەدیاردەیەك دەدەم لەمڕۆی فیلمسازیدا فیلمساز دەیەوێت چیرۆك‌و سیمینارو دەرهێنان‌و مۆنتاژو وێنەگرتن‌و بەرهەمهێنان‌و.. شتی تریش هەر خۆی بێت، ئەمە چەند پرسیارێك دروست دەکات ئایا کەسانی شارەزای تر نین لەو بوارانەدا تا هاریکار بن پێکەوە بۆ بەرهەمهێنانی فیلمێکی سەرکەوتوو؟ یان لێك دابڕان‌و ناکۆکی زۆر لەنێوانیاندا هەیە یان مەبەست ناوبانگی پەلەیە؟ یاخود دەستکەوتی دوایی بۆ کەسێك یان دەستکەوێتی سنوردار بێت.؟ ئەم نەخۆشییە تەنیا ئەم شۆڕشەی نەگرتۆتەوە زۆری تریشی گرتونەتەوە یەقینیشم لەوەی ئەمانە بەرهەمی یەکتریان بەدڵ نییەو هەریەکەیان خۆیان بەپاڵەوانێکی بواری فیلمسازی دەزانن هەروەك لەو چاوپێکەوتنانەی لەمیدیاکاندا دەیان بینن، ئاخر مەرج نییە ئەوەی لەبواری دەرهێنانەدا شارەزا بێت لەبوارەکانی تری فیلمدا هەمان شارەزایی هەبێت.. ئەم نەخۆشییە یەك دەسەڵاتی‌و یەك دەستکەوتنە رەنگە لەئسلوبی حزبەکانەوە بۆ ئەو جۆرە هونەرمەندانە مابێتەوەو ئەمانیش نەیانەوێ لەمەیدانەکەدا کەسی تر لەخۆیان زیاتر دەرکەوێت یان دەسکەوتی هەبێت.

لەگەڵ هاوڕێیەکمدا باسی ئەم فیلمەو فیلمە کوردییەکانی ترمان دەکرد بەپێکەنینێکی نیمچە بێزارییەوە بۆی گێرامەوە:

لەکوردستان بووم باسی شومی ئەم فیلمەیان بۆ کردم، ئەم بەناو فیلمە خاوەنەکەی چۆتەوە بۆ سلێمانی بۆ لای جەماعەتی یەکێتی لێیان وەرنەگرتووەو لێیان نەکڕیوە ناچاری پەنای بۆ چەند هونەرمەندێکی تر بردووە دۆستی پارتین ئەوانیش وتویانە هەوڵدەدەین لەهەولێر لێت بکڕن هەموویان خستۆتە ئۆتۆمبێلێکەوە بەرەو هەولێر لەرێگا تووشی رووداوێك بوون کامەرانی هونەرمەندو ئازادو مەحمود کەنووسەر دەبێت گیانیان لەدەست دەدەن‌و خاوەنی فیلمەکەو ئەوانی کەش بەخەستی بریندار دەبن..

دوای چاك بوونەوەیان خاوەنی فیلم واز ناهێنێ دەچێتەوە بۆ هەولێر لەوێش لێی وەرناگرن دواجار لەرێی هونەرمەند ئەحمەد سالارەوە واستەی بۆ دەکات لای سەرۆکی حکومەت کەئەمە قوتابی‌و کوڕی خۆمانە پارەی زۆر سەرف کردووە دەبێت بەناوی پارمەتیشەوە بێت لێی بکڕن‌و یارمەتی بدەن، ئەویش رازی دەبێت، کەئەمەم بیست گەڕامەوە ناو فیلمەکە بزانم بۆ لێی وەرنەگیراوە دیارە فیلمێکی پڕ هەڵوێستەو من لێی تێنەگەیشتووم، هەرچەند هێنام‌و بردم شتێکم تیا بەدی نەکرد جگە لەوەی هیچ بەستنەوەیەك لەنێو چیرۆکی فیلمەکەدا نییەو بچڕ بچڕەو بۆ زۆری بۆری مەشهەدی لابەلای تێ خزاندووە، دەبوو پیاوە سیاسییەکەی تەنیا لەدوو جێگەدا قسەی بۆ شەماڵی هونەرمەند دەکرد هەر لەسەرەتا فیلمەکەوە تاکۆتایی رۆڵی هەبوایە، زوو زوو ئەکتەرەکان خۆیان‌و رۆڵەکانیان ون دەبوون ئەتدەزانی بۆ هەبوون‌و بۆ ون دەبوون شادان فواد ئەکتەرێکی بەتوانایە هەر زوو رۆڵەکەی تەواو بوو کەدەیتوانی سوود لەتوانای زۆر وەربگرێت، بەڵام نەك لەو حیوارانەو ئەو چیرۆکەدا، ئەوەی جێی تێنەگەیشتنە ئەو دوو هونەرمەندەی کەهەر ئەوان هونەرمەند بوون تیایدا (شەماڵ‌و شادان) چۆن رازی بوون لەفیلمێکی ئاوادا رۆڵیان هەبێت، دیارە من باسی رووناکی‌و زاویەی وێنەگرتن‌و شتی تریش ناکەم. پاشان بۆ هەر دەبێت پەناهەندە لەگێژاودا بژی‌و نەزانێ چی دەکات‌و چۆن ژیان بەسەر دەبات، میدیاکانی ئاویشەوە هەر وا بیر دەکەنەوە، ئەوەی هاتۆتە دەرەوە هەمووی دوای دۆلار نەکەوتووە خەڵکانی وریاو بەهەڵوێستیان زۆرەو رەفزی واقیعە حزبایەتییەکەی کوردستانیان کردووە ئەو واقیعەی ئەمجۆرە هونەرمەندانە پەنای بۆ دەبەن‌و ماستاویان بۆ دەکەن بەڵکو بڕێك پارە یان پارچە زەوییەکیان پێبدەن، بۆ ناوێرن شتە راستییەکان بکەن بەفیلم بۆ ناوێرن باسی گەندەڵی ئەمڕۆ شۆڕشگێڕی دوێنێ بکەن، دەترسن وەك دکتۆر کەماڵتان بەسەر بێت، گەر هەڵوێستیان نەبێ‌و ئەو فیلمانەی ناوەوە لەوەی ئێوە بەپێزتر بێ ئەبوونێ چاتر نییە چۆن بەپێی ئەوەی لەهەندەران مەشهەدەکانت گرتووە لەدەرەوەی، باشە گەر بەفیلمەکەت خەڵك بخەیتە گێژاوی گەڕانەوە خۆت بگەڕێیتەوە باشتر نییە ماوەیەك لەوێ بێت‌و پاشان راکە وەرەوە دەرەوەو فیلمی بەتواناتر بەرهەم بهێنە، ئاخر فیلمی ئەمڕۆ مێژووی سبەینییە، هونەرمەند توێژێکی رووناکبیری کۆمەڵە جا ئەگەر ئەمان ئاوا دوای بەرژەوەندی مادی خۆیان بکەون بۆ بەحزبەکان دەڵێن دنیایان خوارد، روی تێبینم دەکەمە هەموو هونەرمەندانی شانۆی‌و سینەمایی یەکگرن‌و پێکەوە هاریکاری بکەن، بەدوای قەزییەدا بگەڕێن‌و بیمەنە فیلم، خەڵك و قەزییە و هونەر مەکەنە فیلمی دەستکەوتی پارەیی‌و خۆ ریسواکردن.

عەریف حەمەتاڵ : *ئیشکردن لەگەڵ (جەلیل زەنگەنە)دا سەنگی مەحەکە بۆ سەرکەوتن

دیمانەی/ محەممەد کەساس

هەر وەك دەزانین کەناڵی (TV) بە لۆکاڵ‌و سەتەلایتەوە، هەموو ساڵێك لەمانگی رەمەزاندا بەچەند زنجیرەیەك، درامای جۆراوجۆری کوردی پێشکەش بەجەماوەری گەلەکەمان دەکەن، بەڵام ئەمساڵ (جەلیل زەنگەنە)ی نووسەرو هونەرمەند بەجۆرێکی دیکەو بەتوانایەکی دیکەو بەناوەڕۆکێکی دیکە لەگەڵ ژمارەیەك هونەرمەندی بەتوانا بەشێك لەمێژوویان لەزنجیرەی (گەردەلول)دا بۆ گێڕاینەوە.

یەکێك لەو هونەرمەندانەی کەبووە جێی سەرنجی بینەران کاکە (هادی مەحمود)ە لەرۆڵی (عەریف حەمەتاڵ)دا، ئەو، وەك خۆی دەڵێ: زۆر دەمێکە حەزم لەکاری نواندنە، بەڵام تاکو ساڵی ١٩٩٧ هەلێکم بۆ نەڕەخسا لەو ساڵەدا بەشداریم لە فیلمی حەسەن زیرەکدا کرد ، ئەوەش سەرەتام بوو

پ/ئەی پاش ئەوەی لە زنجیرەی گەردەلوول لە رۆڵی (عەریف حەمەتاڵ) دەرکەوتیت، هەڵوێستی جەماوەر چۆن بوو بەرامبەرت..؟

و/بەڕاستی سەرسام بووم ، ئەو هەموو رێزو خۆشەویستییەی جەماوەر وای لێکردم لەمەولا بەئاگاییەکی زیاترەوە کاربکەم و لەئاستی رۆڵ بیستین لە(عەریف حەمەتاڵ) کەم نەکەمەوە.

پ/ تا چرادەیەك خۆت لەخۆت رازی بوویت لەو رۆڵەدا..؟

و/ دیارە رازیبوونی من بەندە بە ئاستی رازیبوونی جەماوەر.

پ/ تاچ رادەیەك لەسیناریۆو تواناو ئسلوبی (جەلیل زەنگەنە) رازیت وەك سیناریست‌و دەرهێنەر؟

و/ ئیشکردن لەگەڵ جەلیل زەنگەنەدا بەراستی سەنگی مەحەکە بۆ سەرکەوتنی کارەکە، من پێشتر دوا بڕیاری خۆم دابوو، ئەگەر ئەم درامایە رەخنەی زۆری لێگیراو جەماوەر بەدڵی نەبوو، ئەوا منیش وتارێکم دەنووسی‌و بۆ هەتا هەتایە نەنەچوومە بەردەمی کامێرا.

پ/ زنجیرەی (گەردەلول) چی پێ بەخشیت؟

و/ سۆزو خۆشەویستی خەڵك، دنیایەك مەعلوماتی هونەر، تێگەیشتم لەوەی ئەگەر لەگەڵ کەسێکی بەتوانای وەك (جەلیل زەنگەنە) کاری هونەری بکەیت، رەنگە توانا هونەرییەکانت، یان توانا هونەرییە شاراوەکانت زیاتر دەرکەون.

پ/ پاش تەواوبوونی دوا ئەڵقەی (گەردەلول) هەستت چۆن بوو؟

و/ لەخۆشیا دڵم پڕ بوو لەگریان، هەستم کرد ساڵێك هیلاکی مێشك‌و جەستە، بەسەرماو گەرما، بەشەوو رۆژ، بەفیڕۆ نەچووە، دڵنیام لەوەی خەرمانێکی بەبەرەکەتمان خستووەتە بەردەم بینەران.

پ/ هیچ رەخنەیەکت لەناوەڕۆکی سیناریۆکە، یان دەرهێنان، یان کارە هونەرییەکانی زنجیرەی (گەردەلول) هەیە؟ راستگۆیانە باسیان بکە..!؟

و/ بێگومان، هیچ کارێکی هونەری لەرەخنە بەدەر نییە، من بۆخۆم لەسیناریۆکە زۆر رازیم ئاستی نواندن بەگشتی بەرزبوو، دیارە وردە سەرنج‌و رەخنەیەمش هەیە، بەڵام گرنگ ئەوەیە لەکاری ئایندەدا چارەسەر بکرێن‌و تۆکمەتر کار بکەین.

پ/ ئاستی هونەری درامای کوردی لەرووی (دەق . سیناریۆ . نواندن . دەرهێنان . کارە هونەرییەکان) چۆن دەبینی؟

و/ هەوڵی بنیاتنان‌و دروستکردنی تەلاری درامای کوردی زۆرن، بەڵام خوازیارم کارێك بکرێت لەئاستی پێویستدا بێت، بۆ ئەوەی ئێمەش وەکو میللەتی کورد بڵێین بەڵێ خاوەنی هونەری دراماین، هەوڵیش بدرێت لەو زۆری‌و بۆرییە دەرچین.

پ/ دوا وتەت؟

و/ هیوام وایە کاری داهاتوو گەر ئیزافەی پێ نەبێت بۆ گەردەلول، لێشی کەم نەکاتەوە، سوپاس بۆ جەنابت‌و حورمەتم بۆ شەقام نێت.

دەرهێنەری (گەردەلول) لەکاتی کارەکەدا